

**قەسیدە**

## لەخەونمدا بەبەردەمی  مندالیکدا تێپەڕیم ...

***ئیسماعیل حەمەئەمین***

– بێگومان.. بە (ژێنوا)، ئەو مندالەی بەسەرسامیەوە بەردەمیدا تێپەڕیم .. پێشکەشە.

-١-

لەوانەیە تەنها لەیادەوەری مندالێکدا بمێنمەوە
خەونێکی تێپەڕیوو بم  بەنێو سەرپۆشە فڕیوەکانی  ئەندێشەی
بەسەرپشتی کەروێشکێکی ڕەنگ پەمەییەوە بم و بلێم
ئاها ڕۆژەکان لەقوڕی ڕەنگاوڕەنگ دروستدەکرێن .
بلێم خودایەک هەیە خۆی لەخەونەکانی ئێمە دەدزێتەوە و بەمەساسە شیرینەکان هەلمان دەخەلەتێنێ .
بلێم شتێک هەبوو لەنێو کێلگەکاندا ڕووا و لەمندالیمدا پێی نەگەیشتم ..
شتێک هەبوو دوور، لەکونی مشکەکوێرەکاندا خۆی شێردبووەو نەمدۆزیەوە.
شتێک هەبوو  لەفریشتیەک دەچوو ..
فریشتیەک هەبوو ڕۆژانە لەسەر ئەم شەقامانە جگەرەی دەکێشا و لەنێوپاسە پۆلۆنیەکانی خەیالدا ، لەودیوو پەنچەرەی تاکسیەکانی موحیبەتەوە  سەیری وێنەکانی خۆی دەکرد و شەپۆلەکانی دەریای  دەخەواند ، شەپۆلی دەریای  لەدڕکستانەکانی  ڕۆح قوتار دەکردو  وەک  حەشیش دەیکێشا.. فریشتەیەک  هەبوو دوای هەموو دابەزینێک لەواگۆنەکانی  هیواو بەختەوەری، لەخەونە درۆزنەکانی ئەشق ، لەووشە شیعرییە ڕۆمانسیەکانی نۆسەد و هەشتاو حەوت ،لەشۆڕشی بێنەزاکەتی سەرکردە ئەبەدییەکان ،لەڕاپەڕینی برسێتی گۆلاوەکانی زایەندە،دوای هەموو مالئاوایەک لەباخچەی

دڵداریـەکی بـەجێماو ، دوای دزینـی گوڵــە نێرگـز لەتەکیـەی شـەوەکانی هــاویندا،دوای هــەموو پێناســەکانی بــوون ،دوای مــردنی خواکـــان لـــە نێوخۆرەکـــانی جــەنگدا، دوای خوێندنـەوەی ئــەو هــەموو ڕۆژنامانـەی بەختەوەریـە نەشـیمیلەکانی ژیـان قێـزەوەر دەکــەن ، دوای بەجێهێشـتنی گورگـە هەڵگـەڕاوەکان لــە وجــود،دوای هـــەموو شــکانی پەنجـەرەکان لەبەرەبـەیانێکی کۆچکـردنی ڕیشـۆلەکان بـەرەو باشـوور، دوای هـــەموو سـەرمەدییەکانی جەسـتەو ڕەوشـتە سەوزە موفەڕکیـەکان ، دوای نوسـتنی سـی سـاڵەی میـهرەبانی خودایــەکی ســەرخۆش . خــۆی دەکـــرد بەمزگـــەوتێکداو لـــەوێ، لـــەنێو میحرابەکاندا خۆی دەکوشت .

دوای خۆکوشتنیش بۆ نووستن خۆی دەکرد بەخەونی منداڵێکدا.

منداڵێکیش دڵـی بـەگۆلاوەکانی قــەراغ شـار خۆشـبوو بۆئـەوەی چادرەکـانی خـەونی لەسەر هەڵدا..

بۆ ئەوەی ئەفسانەی خۆی لەسـەر دیوارەگەچینـەی گـەورەپیاوان بنوسـێتەوە، پێوویسـتی بەهەناسـەی فریشـتیەکی سـەرکێش بـوو،پێوویسـتی بەشـوێن بـوو بۆئـەوەی بـوونی خــۆی فانی بکات، پێوویستی بەشوێن بوو بۆ ئـەوەی جەسـتەیەک لەخـەون، بـەهارێک لەنـەبوون ، دنیایـەک کـۆلارەی ڕەنگـاو ڕەنـگ ، مـەیمونی سەرخۆشــی نێـو دارسـتانەکانی شـەفەق، فیلـی جۆراوجـۆری کـەنارەکانی کیشـوەرێ لـەیاری هــەرزان، تـوتی چەنـەبازی شـین وسوور ،شەڕی کـارتۆنی دوژمنـە مقـەباکان، مرۆپـەکانی قوڕەسـەناعە، ڕێویـەکانی گشـت ڕیـزە درەخـتی بەسـلەبۆیە نەخشـێنراو، نیشـتمانێک لەمقــەباو زەویــەک لــەڕەنگ و ئاسمــانێک لەتــەپوتۆزی بــاریو بەســـەر وەنەوشـــەو نێوەندێـک لەهــەلمی ئـالتونی و کاروانێک لەئەستێرە ئازاد کات.

شوێنێک تێدا پـەراوێزێکی خـەون بێت، خۆحەشـێردان بێـت لـە بێـزاری دایکـان، لـەو چۆلەکانەی تـۆوی کـەرەوزی باخچەیلـەکانیان بـەدەنوک هەلدەگرنـەوە ،لەنـەڕەی باوکـان لەتاوخاولیەپیسەکانی حەمامەکانی شار و شـەڕە ئەبەدیـەکانی نەتـەوە، شـوێنێک بێت بـۆ خۆحەشـێردان لـەو فەقیهـە خۆلەمێشـیانەی نێــوەڕوانی گــەلاوێژ خــەون بەحۆریــە گووتـــەکانی بەهەشـــتەوە دەبینـــین و نایـــەلن منـــدالان لەوســـــلخانەکاندا مەلەبکــــەن ، نێوەندێک بێت لەهـەلمی سۆزە بـەجێماوەکانی پالـەوانی نێو حکایـەتان، چـادرێک بێت بۆ نوستنی نەرمی فریشتیەک دوای چاوەڕوانکردنی خودایەکی خومار .

شوێنێک بێت بۆ خودایەکی بێزار لەخەلیقە ،بـۆ فریشـتیەک بێـزار لەبەهەشـت .شـوێنێک بێت بۆ لێرەبوونی منداڵێک لەڕەنگی وەرزەکان.

شـوێنێک بێـت بـۆ شـەڕی پیاوەکـان لەسـەر خـاکێکی پـڕ کـرم،پڕلەئەژدیـها،شـوێنێک بێـت بۆجەنگی شاراوەی نێو گەردیلەی خۆل .

شوێنێک بێت بۆ هەبوونی سادەیی منداڵێک لەحکایەتێکی تێپەڕیوو بەسەر زەمەندا.

منداڵێکیش هـەبوو.. ئای لـەو منداڵـە .. لەشـوێنێک زەویـەکانی وەک فەرشـی سـوکەلەی عەسـران بـەدووی خۆیـدا ڕادەکێشـاو یاریـــەکانی لەســـەر بلاودەکـردەوە و دەیگـوت: نیشتمان یاریەکانمە ، نیشتمان ئەو پوشکەبەقونانەن بـۆ چێـژی شـەڕانی ،پوشکەدەکەین بـەقونیانداو بـەنێو ئـازادیدا دەیانفـڕێنین، نیشـتمان ئـەو پیشـلانەن شـەوانە بەکەلکەبـەرد ڕاویـان دەنێـین، ئـەو گولـە ئەسـتێرانەن شــەوانە لەشوشـەی دۆشـاوی تەماتـەی ئێراقـی بەندمان دەکردن و بەیانیانیش لەبێزاریا دەمانتۆپاندن.

نیشتمان فەڕشێکی دڕاوی منداڵێکە دوای یاری لەسەری دەخەوێ، نیشتمان بوکە شوشەیەکی بێقاچ و مەیمونێکی پەڕۆی بێسەر و دەمانچەیەکی ئاویی مانگی نیسانە.
نیشتمان لەبیرچوونەوەی منداڵێکە لەئێوارەیەکی بەفرانباردا...
لەبیرچوونەوەیە منداڵێکە دوای ئەم هەموو ئۆقیانووسانە بێت و بڵێت کوا پیاوەکارتۆنەکانی گزنگ؟ ،بڵێت ،نەگبەتیە دوای ئەم هەموو سەرەگرتنە لەبەردەم هێڵی سنوورەکاندا بڕوامان بەفریشتیەک هەبێت،بڕوامان بەخودایەک هەبێت نەنەتەوەی هەیە و نەنیشتمان. دوای ئیشکبونەوەی وەرزەکان بڕوامان بەخۆرێک هەبێت حەسرەتەکانمان بڕەنجێنێ،بڕوامان بە تێپەڕبوونی منداڵێک هەبێت لەئاوابوونێکی دووری دەسڕەبابردووەکانی ئاشقانەوە هاتبێت ، لەبەفری حەزێکەوە هاتبێت ڕووتبوونەوەیەک بێت لەمانا.

-٢-

من بەبەردەمی فریشتیەکی بێماناادا تێپەڕیم و بوونی منداڵێکم لەنێو نەبوونیدا دۆزیەوە، بوونی خودایەک لەنێو سپێنەی چاوەکاندا ڕاکشاوەوە بەهێمنی دەمرێت و دەلێت: ئەی زەوی، ئەی قەحبەی پیری کۆڵانەکانی جەنگ، ئەی جیهان ، ئەی لێرەبوونم،
کەی منداڵێک بەبەردەمتدا تێدەپەڕێت ؟!.
ئەی ژەنگ کەی وەک ڕەشەبا هەلدەکەیت و لەدڵان دەبیەوە.
ئەی ئەو بۆن گۆرەویەی لەنێو سییەکانمدا پەنگیخواردووە کەی لەچارەنوسی خوداییم دەبیەوە.
ئەی فریشتە کەی دەگەڕێیەوە بۆ نێو باخچەکانی ڕاستی، ئەی مندال کەی بەبەردەم مرۆیەکدا تێپەڕدەبیت کەتەنها بیر لەکۆچکردنی شەپۆل و هەورەکانی خەزەلوەربکاتەوە، تەنها بیر لەئاوابوونێک بکاتەوە ،بیر لەوە بکاتەوەساتێکی جەهەنەمی وونبوون دێت جەستەی خودای خوداکانی تێدا ببینێت ، بۆ هیچ نا!! ، تەنها بۆ ئەوەی بەمنداڵێکی نیشاندات ، پێی بلێت: ئەها خودا ڕەنگی ئاوی گرتووە و لەشەفەقدا بەتەنێ یاری بەتۆپی ڕەنگاو ڕەنگ دەکات ..بلێت خودایەک هەیە لەنێو باخچەکانی تەنهایی خۆیدا یاری لەگەل ئەو گولە نایلۆنانەدا دەکات کەفریشتە ڕیاکارەکانی بۆیان هەلفڕاندووە،خودایەک زێدە پێغمبەرە ڕیاکارەکانی خۆشتردەوێ وەک لە ڕاستیەکانی خەلیقە، خودایەک حەزناکات ئەم مندالە لەنێو گەڵازەردەکاندا بێتەدەرێ.

منداڵێکیش خەون لەنێو گەڵاکاندا دەبینێت بۆ ئەوەی خوداوەوەند لەگرێی گوناهە قوتارکات .
فریشتیەکیش لەنێوان گوناهەکانی خوداو خەونەکانی منداڵێک بەدۆزینەوەی جیهانێک لەنێو کونی مشکەکوێرەکان،لەنێوان هەڵبژاردنی گوناهە ڕاستەقینەیەکان و درێژبوونەوەی ڕەنگەکان بەنێو ڕۆحدا ، خومارەبەعەشقی سۆزانیەکی ئێوارەیەکی تەنهایی .
خودایەک حەزی لەمرۆکانە ، پێستی وان و ڕەنگی ئەوان دەپۆشێ بۆ ئەوەی لەئێوارەیەکی تەنهایدا خۆی بۆ سۆزانیەکی پیر ڕووتبکاتەوەو بلێت: وەرە تێرمکە بەچێژێکی ڕاکردوو لەتەنیایەکانی خۆم ، وەرە و جەستەم بکەبە توێژاڵی ئاوێک ، بەبێڕەنگەیەکی ئاو ، بۆ ئەوەی تێکەلی بیزاری منداڵێک بێت .
منداڵێک کەبەنێو گەڵازەردەکانی ئەندێشەی خواوەندو فریشتیەکی خوماردا ڕادەکات لەسەر شەقامێکی مەنفادا بەپیرێژنێکی گوێ گران دەلێت :
دوێنێ ئێوارە وویستم خۆم بکوژم و ئەمڕۆش پەشیمان بوومەوە.

-٣-

منداڵێک بەپیری لەدایکبووە،حیکمەتی سپی لەووشەکانی شێردۆتەوە، دوور لەهەموو شەفەقەکان یاری بەجەستەی پێغمبەرێکی خەلەفاو دەکات ،لەنێو کۆڵانەکانی تاریکیدا بوزی پێوەدەکات و لەنێو تاریکی ئێوارەدا میزدەکات ، دەلێت / گوێت لەدەنگی پێی فریشتەکانی خودایە ئەی پەیامبەری خەلەفاو، گوێت لەدەنگیانە کەلەخوڕەی میزێکی ئێوارەیەکی ڕەنگ پەڕیوو دەچن ، گوێت لەو هەناسانەیە کەبۆ ن سیر وقۆدگای مۆدێرنەی لێدێت ، گوێت لەدەنگی بەربوونەوەی ئەو فریشتانەیە بۆ نێو ژیان، بۆ نێو مەمکی سۆزانیەپیرەکان، گوێت لەفیکەی بێهودەیی ئەوانە کە ئاسمانیان جێهێشتووەو لەکۆڵانەبۆنچڕوکاویەکاندا خۆیان بۆ هەوەسەحەرامەکانیان شلدەکەن. گوێت لێیەئەی خەوبینەر بەزەمەنەکانی نورانیەت ،زەمەنی پێغمبەر وشوڕشگێڕ وفەیلەسوفەکان دەمێکە لەنێو جرتێکی ساردا گیانەڵای داوە، گوێت لەم دنیایە کەتەنها خوڕەی میزێکی بۆگەنبووی شەڕەکانی خودایە/کە ئێستا لەتاکوتەرایی خۆیدا ئاشقی قەیرەکیژێکی چل و پێنج سالەبووە و هەموو ئێوارەیەک لەسەر ئەم شەقامانە بەقاتێکی سپی و گوڵێکی سپی ، بەچاکەت و پێڵاوێکی بریقەرداری سپیەوە حەسرەتی ئاشقانە بۆ چاوەڕوانیەکانی هەلدەکێشێ .
گوێت لەووشەکانە ئەی ئاشق ،پێغمبەری خەلەفاو/ ئەی ئەوەی یەکەم جار ووشەت خۆش وویست ، پاشان هەموو ئافرەتە بەئالۆشەکانی کەنداو..
یەکەمجار حەزت لەووشەکانی فریشتیەک بوو لەبێزاری خۆیدا، دوای خۆکووشتنی لەنێو میحرابەکانی بووندا لەبەردەم تۆدا گریا،گریا بۆ ئەوەی گۆشەگیریەکانی بۆ کۆکەیتەوە، ڕێگەی شارە پڕ شەهوەتبازیە خۆشبەختیەکانی نیشاندەیت، گریا بۆ ئەوەی بۆ ساتێکی لەبیرکراوی تێپەڕیوویش بێت بەنێو پێکەنینی منداڵێکدا تێپەڕێ.

هات و تۆش ئەی خەلەفاو بەنێو خەونێکی مندا تێت پەڕاند،تێت پەڕاند بۆ ئەوی من لەنێو بێزاریەکاندا دارە دارە بکەم ، هات و خۆی لەنێو خەونەکانمدا بەندکرد.

گوێت لێیە ئەی خەلەفاو چۆن میهرەبانیەکان لەم شەقامە تاریکیەدا دەرپێی کورتی خۆیان بەهاتوچۆکارە خەمگینەکان دەفرۆشن، دەبینیت چۆن دوای بەندیەکانی فریشتە لەخەونمدا، جیهان خەلەفاوی خۆی پەرشدەکاتەوە.

گوێبگرە ئەی پەیامبەر / خەلەفاو / هەتیو لەنێو ووشەکاندا ، من لنگەوقووچی شتەکان لەنێو شەفەقدا هەلدەواسم، بۆئەوەی تاکۆتایی ئەم خەونە پووچیتی تۆ لەنێو گزنگەکاندا بخنکێنم ، من یاری بە سەروەرییەکانت دەکەم .

منداڵێک پێش ئەوەی تێپەڕبیت دەلێت: من دوێنێ خۆشبەختی منداڵیم دا بەقورینەگەکانی خەزەلوەر..

- ٤ -

وجود گەڕانەوەی تۆیە ئەی منداڵ لەنێو گۆرانیەکی ناتەواو...

وجود خەون بینینێکە ئەی منداڵ بەهەموو جوانیەکانی جیاوازی، وجود توندوتیژیە لەنێو هەراکانی ئەشق ..

ئەی منداڵ .. ئەی ئەوەی زۆر زوو لەنێو جەنگی باوکەکاندا گەورەبوویت و بوویت بەحەکیمی زەمەنەکان ، ڕەنگەکانی پێکەنین دەزانی ؟،دەزانی کەی خۆشبەختی بەسەر تەنافە تەمەلەکانی گەلاوێژدا هەلدەگەڕێن؟، دەزانی کەی خۆر هەلدێت بۆ ئەوەی هاوین لەقامچیەکانی خۆی قوتار بێت..

دەزانیت کەی و لەچ ساتە وەختێکدا بەختەوەری خۆی بۆ ووشە ڕووتدەکاتەوە ، کەی مەمکەکانی دەدا بەو پیاوە هیلاکانەی دوێنی لەبەردەم دوکانەکانی بەختدا گووتیان : سەرگوزشتەی ئێمە ، سەرگوزشتەی ئەژدیهایەکی لەبیرکراوی ئەو ئەفسانە دێرینەیە بێزاربووە لەگەمەی پالەوانە دلتەنگەکان..

وجود ساتی لەدایکبوونت وساتی پیربوونی پالەوانی حکایەتەکانی نێو ئاگربوو، پیربوونی هەموو ئاسمانەکان بوو لەبەردەم ساتەوەختی کردنەوەی پەنچەرەکان لەسەر باخچەی گولە نێرگزە ناوەختەکانی بەرەبەیانی ژنێکی سی وپێنچ سالە بەگولەگان بلێت: ئەها ئەو منداڵەی نێوهەناوم تابەرەبەیان یاری بەئەستێرە دەکات ،لەنێو شلەمەنی سکمەوە دەیەوێت هاوکێشەی غەمباریەکانی ووشەژارکات ،دەیەوێت بەم بەرەبەیانیە پەنچەرەکانی بۆ بکەمەوە ، بۆئەوەی لەنێو ئێوەدا سەمای لەدایکبوونی خۆی بکات ، بۆنی ئێوەبکات کەهەمیشە بەپەلە بەنێو خەزەلوەردا تێپە دەپەڕن، ئەو تۆزێک لەمەو بەر گووتی: دایێ ، پالەوانی چیرۆکەکانی منداڵی دەمێکە لەخرفبوونی خۆیان

بێزارن ، پەنجەرەکان بکەوە بۆ ئەوەی لەنێو باخچە نادیارەکاندا بەبۆنی تێپەڕبوونی زەمەنە گەشە درۆزنەکان سەمای لێرەبوونی ئەم گوڵانە بکەم کەخۆیان لەنێو ووشەدا سەرمەدی کردووە..

وجود تێپەڕبوونی تۆیە ئەی مندال بەنێو مەملەکەتی خو دا یەکی پیر..

ژیـان کورته ئەی منداڵ بۆ دەمووچـــاوشتنێــک لەبەردەم ئاسۆگە ..
ژیان کورته بۆ ووشکردنەوەی ڕابوردوو بەسەر تەنافەکانی ئێستا .
ژیـان کورتـه بـۆ ڕامـان لـه حەقیقـەت ، لـەو پەڕەسـێلکانەی ئێسـتا خۆمـان لـێ نـەناس دەکەن.
ژیان سەرگوزشتەی ڕاوچیەکی هیلاکی نێو دارستانەکانی ڕاستەقینەیی یە.
ژیـان دێـڕێکی نوسـراوە بەخـەتێکی ناشـرین ، ڕۆمانێکـە کـەس نایخوێنێتـەوە، دەرگایەکــە کـەس نایـەوێت پێدا هـاتوچۆ بکـات، خەلیقەیەکــە نایــەوێت خوداوەنـدی خـۆی بناسـێ ، درۆیەکە لەنێو ڕاستیەکی ئەزەلیدا خۆی پالخستووە.
زیندەخەونێکی هەرزەکاریە بەکێژێک لەپۆشمینە، لەنێرگز، لەبزەیەکی تێپەڕبوو.
ژیان کاتێک هەبوو کەمن بیرم لێدەکردەوە.
ژیان ئەو شەوانەیە خومار بووم و دەمگووت:
ئەم کیشوەرانە چیرۆکێکی نەنوسراوی منن،
ئەم پیاوانە پاڵــەوانی ڕۆمانەکانی منن ،
ئەم دەشتە کاکی بەکاکیانە سنوری فانتازیاکانی منن،
ئەم هەناسانە ساتەکانی لەبـیرچوونەوەی منن لەنێو گوڵەشەوبۆدا،
ئەم پێپلیکانە مەڕمەڕیانە بێدەنگی منن بەرەو ئیلهام ،
ئەم پەیکەرە بێدەنگانە پیتی ووشەکانمن لەدوای گوتنیان،
ئـەم ڕسـتانەی ئێسـتا دەگوترێـن هەشـت سـاڵ لەمەوبـەر لـەکاتی چـایی خواردنـەوەی چایخانەیەکی تەریکی ڕۆژهەلات بۆ خۆشی گووتبووم.

ژیان شەڕێکی ئەبەدیە ئەی منداڵ لەگەڵ پێکەنین.
ژیان فریشتەیەکە،ئای .. تـەنها فریشـتەیەکە و هیـچی تـر ، بێـزارە لـەمیتافیزیکای شـتەکان ، لەهـەموو جیوەییـەکانی کەوتنـەخوارەوە، لەهـەموو خەوتنـەکانی نێـو وەردەگەنمـەکانی هـاوێنێک، تێدا ئافرەتێکی کەزی ڕەشـی ، پێسـت گـەنمی تێـدا ناسـی ، ئـافرەتێک دڵـی لـەنێو بـۆن ئارەقـەی حەزەپەمەییـەکانیدا جێهێشـتبوو،ئـافرەتێک نەعلـەتی کـرد لەتاعونــەکانی خۆشەوویســتی، خۆشـەویسـتیەک وەک سـۆزانیەکی هـــار چـــەندەت پێدەبەخشـــێ ، ئەوەندە گوڵـە بەیبون لەڕۆحتدا دەردەکێشێ.
ژیان فریشتەیەکە ئێستا بەهەموو ئافرەتەکان دەلێت: مـن دەمـەوێت لەسـەر پێخـەفی ئـەم گولـەنێرگزانە لەگەڵ هەمووتاندا بخەوم ..
ژیان سـوچێکی لـەبیرکراوی دلۆپـەبارانێکی تەنیاکـەوتووی خەزەلوەرلـێکی میهرەبانیـە ..
ژیـان خەونێکــە بـــەمانگێکی خـــوازراو لـــەڕەنگ ، لەووشـــە ، لەهەناســـەی ســـەفەرێکی ڕۆژهەلاتیانە.
ژیـان خەونێکـە بـەمنداڵێک بـەنێو ئاوێنـەکانی خۆیـدا بێت وبچێت و بلێـت : ئـەم هــەموو تاوانـە لـە ووشـەکانەوە دەسـتیان پێکـرد تاگەیشـتنە سـەر مـەدارەکانی وونبـوون ، بلێـت:

ئەم هەموو ئاسمانە کاتێک هەبوون فریشتیەک لەنێو مندا خەونی دەبینی وئاگای لەخەلقبوونی ووشە نەبوو لەنێو جیهاندا.فریشتیەک .. ئای چ فریشتەیەک ..ئاگای لەئەفراندنی تەنیاییەکان نەبوو لەنێو ئۆقیانووسەکان، ئاگای لەو هەموو فراوانبوونەوەی ڕق نەبوو لەنێو ئەشقدا جۆلانەدەکات، ژیان ڕێکەوتێکی سەیرە دوای قیژەیەکی کەوتنەخوارەوە خۆیت پێدەناسێنێ و دەلێ : تۆ تازە تووش بووی، ئای چ تووش بوونێک بەو شتەی پێدەلێن بەختەوەریەکانی خەون ..

-٦-

خەونم بینی ئەی منداڵ بەسوچەکانی منداڵیم

خەونم بینی ئەی منداڵ بەئەشقێکی دێرینە.

لەخەونمدا ئەی منداڵ .. باڵندەکان لەڕۆژهەڵاتەوە دەهاتن و لەنیوەشەوی شارەکاندا خۆیان بۆ سەمای چێژ دەپۆشی. باڵەکانیان بەڕەنگی شەوانی حەزی ڕۆژئاوایی ، بەبۆیەی پلاستیکی ڕەنگاڵە کرد، ڕۆمانسیەتە ڕۆژهەڵاتی وئاهەکانیان لەنێو جانتاکانی نێوەڕۆیانی بەر خۆرەتاوی زەویەکانی بیرەوەری ، جوان .. جوان قەد کردو گووتیان: ئیدی زەمەنی سۆزانیە پلاستیکیەکان دەست پێدەکات.

گوتیان: زەمەنی ئەو سۆزانیانە گوزەشت کە دڵی شاعیرەکانمان لەنێو جۆلانەی باخچەکاندا دەپێکا، گوزەشت زەمەنی ڕوانین لەمانگ ، مانگی نێوەڕاستی شەوانی گەلاوێژ ، پوشپەڕ ، خەزەلوەر، گوزەشت زەمەنی ئاهاتەکانی نێو پێکە عەرەقی زەحلاوی ئەو ئاشقانەی قەرزاری ئەو پاقلەفرۆشانە،ئەو منداڵە بۆیاخچیانە بوون لەجیاتی قەرزدانەوە، بەکۆپلە شیعری دلشکستی ڕازیان دەکردن ، قەرزاری ئەو پاکەت فرۆش و مەیگێڕانەبوون ، نیوەشەوان دوای سەرخۆشی پێکەوە فرمێسکی گەرمیان هەڵدەڕشت. گوزەشت شەوانی چێژ وەرگرتن لەعەبەسی نووستن لەسەر فەرشی شەونمی چیمەنی باخچەکانی شار،گوزەشت تێرامان لە پەرەسێلکەباریووەکانی خۆرئاوا، گوزەشت هەموو مردنێک لەنێو عەزاباتی شیعر..

خەونم بینی ئەی منداڵ بەوونبونی ئەو باڵندانەی خەمەڕۆژهەڵاتیەکانیان تورهەڵدایە نێو تەنەکەخۆلی میترۆکان.

ئەو باڵندانەی بەسووراوی تۆخەوە لەبەردەمی گلۆبە تەنیاییە ئیرۆسیەکانی مۆدەدا شانازیان بەفرێدانی خەمە ڕۆژهەڵاتیەکانیەوە دەکرد و بەبێزاریەوە پێیان گووتم : ئای .. تۆ ئێمە خەمبار دەکەی ..

گووتیان : دلداریەکان تەنها لەسەر ڕووبەری سکرین و فلیمی ئەو کەناڵانە هەیە بەخۆڕایی بۆ سەرخۆش وهەژارەکانی شارەوانی و پەناهەندە ڕۆژهەڵاتی و ئاسیاویەکان پەخشدەکرێن، ئەوانەی لەبەردەم ئاگرەکانی مەنفادا بەدیار چیرۆکەکانەوە حەسرەتی گەرمی ڕەشەباکانی باکوریان هەڵدەکێشا. ئۆی خەمبار بەخەونەکانی شیعر، دلداریەکان کاتێک هەبوون جەنگی سارد ڕۆژهەڵاتی لەوەهمی کێلگە هەتەر بە هەتەرەکانی حەشیشی ئازادیدا خومارکردبوو، کاتێک هەبوو

حۆریەکان سەرەیان نەدەگرت بۆ ئەوەی لەپلاکاتێکی میترۆیەکی لەبیرکاودا ، بەڕووتی پەنیرە سویسیریەکان لەسەر ناوکیان دانێن بڵێن: جوانی ئێمە لەخواردنی ئەم پەنیرانەی ڕۆحە.. دلداریەکان کاتێک هەبوون تۆ بەلای هەموو درەختێکی شاردا تێپەڕ دەبوویت و سلاوت لەهەموو کیژێکی ئێوارانت دەکرد و دەتگووت: ئەم خۆرە گەرمە ، خۆری ئەشقێکە لەنێو ووشەدا گەورە دەبێ ، دەتگووت: ئەم هەموو پیرۆزیە یاری ساتێکی منە لەنێو شەفەقێکی سەرکێشی ئەو گولە هێرۆیانەی بۆ یەکەم جار ماچیان دامێ ، لەشەوانی خوماریمدا مەمکەکانیان لە نێو ئاوریشمی شەرم دەپێچاو لەنێو ئاگرە جەهەنەمیەکانی ماچەکانما ئازادیاندەکردن، ماچیان دەکردم دەیانگووت: ئێرە ئێوارەو نیشتمان و مەنفاکانی ڕۆحتە.دەیانگووت: ئێرە هەموو لەبیرچوونەوەیەکە لەنێو نادیاریەکانی ئەشق و خۆشبەختی حەرامە ڕۆژهەلاتیەکان .

گووتیان ..دلداریەکان کاتێک هەبوون ، جوانی، بێ پێناسەشەڕانیەکانی ڕاتسیۆنال، وەکی خۆی بەڕووتی ، بێ بڕگەکانی زمانی حونجەتباز لەساتەکانتدا خۆیان پێناسە دەکرد.

گووتیان: دلداریەکان کاتێک هەبوون کە لەڕۆژهەلاتەوە ، لە

ڕۆژە گەرمەکانی منەوەرەکانەوە خواداوەندێک هەبوو بەقاتێکبی سپی و چاکەتێکی ئوتوکراوی سپی و خەونێکی سپیەوە دەیگوت: من کاتێک ئادەم و حەوام دەکرد کەزانیم شەرم دەکەن بەڕووتی بەنێو بەهەشتەکانمدا بێن وبچن، کاتێک دەرمکردن فریشتەکانم بالەسپیەکانیان لەژێرپالتۆ ڕەشەکاندا دەشێردەوە و ڕستەکانیان ئەقلانی دەکرد، کاتێک دەرمکردن کە سێوەکانی زانین بەدزی منەوە کۆپی دەکران و ئابڕوی نهێنیەکانی ئەبەدیەتیان دەتکاند . دلداریەکان کاتێک هەبوون من لەسەروو ئەشقەوە ئەشقم دەپاراست، کاتێک هەبوون ئەفیونی سۆزانیەکی عەیار هەموو ڕۆژێک لەبەردەم ئاوێنەکاندا ڕای نەدەگرتم ، وای لێنەکردبووم بەدزی هەموو مەخلوقات سەر و ڕیشم بۆیەکەم و بەمقەستی تیژ فێرە کورتکرەوەنەوەی ئەو تالە مووانە بم بەسپێتیان چەندەها کیشوەری زەمەنی گەمەیی خوواەندییان شکۆدار کردبوو. ئەشق کاتێک هەبوو من مەجبوور نەبوم لەبەردەمی سۆزانیکی چلو پێنچ سالەدا دەستی لەزیوو لەسەر دلم دانێم و بلێم من پارەی کاتژمێرێکی چێژمداوە و هاتووم بۆ ئەوەی لەسەر ئەم کورسیە تەنیایە لەجەستەی ڕووتت بڕوانم و هیچی تر .. بۆ هیچ نا..بۆ ئەوەی ئەو زەمەنە وەنەوشەیانەم بیربێتەوە مەخلوقم شەرمیان لەڕووتبونەوە نەدەکرد، هاتووم بۆ ئەوەی جلەکانی ئەفسانە لەپیرۆزی بوون داکەنم و پێت بلێم وەرەوە چێژ لەڕووتبوونەوەی پیرۆزی وەرگرە.

خەونم بینی ئەی مندال بەئەشقی ووشەیەک بەڕووتی بەنێو گولەکانی ئاگردا دەهاتن ودەچوون ..

خەونم بینی ئەی مندال بەو گولەهێرۆیانەی لەمەنفا مەمکەکانیان سیس بۆوە، لەخەونێکی بەرەبەیاندا لەنێو زەمبیلەیەکی ڕۆژهەلاتیانەدا ، لەبەردەم قەسیدەیەکی ناتەواومدا دایان ناو ڤوتیان ، ئاها..چۆن لەحەسرەتی شەوانی ئەشقی گەرمی پەنچەکانتدا سیس بووین ..

خەونم بینی ئەی مندال بەمەمکەکانی ڕۆژهەلات ..

- ٧ -

گریان سەرەتای پێکەنینی تۆ بوو ئەی منداڵ بەهەموو ئەم ئەسپە سپیانەی بەنێو کێڵگەی ئاگردا تێپەڕین ..
پێکەنین سەرەتای گریانی تۆ بوو بەپیرۆزیەک، جیهانی لەسەر سینیە زیوییەکانی کوشتندا ئازادکردبوو،
سێوەکانی ڕۆشنایی لەنێو گالیسکەکانی گوماندا کرمەڕێزکردبوو،
ووشەکانیان لەنێو بێمانایی ڕووداوا تۆمارکردبوو،
ئەی منداڵ سەرەتای پێکەنینی تۆ بوو ، هەموو دلدارەکان خۆیان لەبازاڕی مسرپێژاندا بینیەوە و گووتیان: وەرن سپیمان کەنەوە ئەی مسرپێژانی جەنگ، ئەی باوکانی نەتەوە ، وەرن لەنێو هەمووجوانیەکدا سەمابکەن، ئەی ئەوانەی مانگی خەزەلوەری دلی ئێمەتان بەخەنجەری خیانەت کردە قاشەکالەکی هاوینان و لەدیوو سنوورەکانەوە بە سەربازەکانتان فرۆشتەوە.
وەرن ئەی ئەوانەی وەک ئێمە سلاو لەپەلەوەر و لەقلەق وقەلمراوەکانی زستانان ناکەن،
ئەوانەی ناتانەوێ لەم گەرودنەدا لەچێژەکانی بەدگومانی تێبگەن،
ئەوانەی ناتانەوێ بەسەر پەیژە بەهەیبەتەکانی شەڕەکانی ووشە و گریانەکانی ئەشقی قەسیدەیەکی بەر خۆرەتاو دا سەرکەون و بلێن: ئەم جیهانە پڕێتی لەهەناری نێو ڕەشابەیەکی حەزی ئەم ساتانەی تەنهایی ...
گریان سەرەتای کردنەوەی پەنچەرەیەکە ئەی منداڵ بەڕووی کێڵگەیەکی پڕحەشیش کەنێوی ژیانە ..

- ٨-

حەشیش سەرەتای ڕاکردن بوو لەخەونەکانی خوماری، خەونێک بەسەر هەموو لاسکە سەوزێکی بیرکردنەوەدا هەلدەگەڕێ و دوور لەهەموو عارفەکانی سەردەم لەنێو شەوەکانی کەوتنەخوارەوەدا دەگەشێتەوە..

کەوتنە خوارەوە لەزەتی سەردەمی فریشتیەک بوو لەنێو کیشوەری دنیادا،

کەوتنە خوارەوە دەرپەڕین بوو لەڕەحمی بەهەشتە نایلۆنەکانی پیرۆزی ،

کەوتنە خوارەوە قیژەی فریشتیەک بوو لەهەراجاخانەی مەعریفەدا گووتی : من ڕزگارم بوو لەو گرێ مۆرانەی، خوداوەند لەنێومدا کوێری کردبوون.

من قوتاربووم لەخەمی منەوەر و ئەو موجاهیدانەی لەبەهەشتە نایلۆنیەکاندا ، بەدشداشەی سپیەوە بەنێو دەستەسرەکانی خواوەندا دەهاتن ودەچوون ودەیانگووت ، ئەی فریشتە کوا پەیمانەکانت بەئەبەدیەت، کەتۆ خۆت بوونەوەرێکی غەمبار بیت ؟

دەیانگووت: ئەم هەموو درۆیە بەهەناسەیەکی حەسرەتی کیژێکی پالکەوتووی سەر گوناهە خۆیان تورپدایە خەونمانەوە،

دەیانگووت: کێ گووتی لەودیوو دنیای فانی خەون نییە بەدوارۆژ؟

کێ گووتی وەک ساوا بێخەم سەردەخەیەنە سەربالیف ؟

کێ گووتی ئەم هەموو کێلگانە گولی بەهەشتەکانی ئەبەدیەتن؟

کێ گووتی درۆ لەمەملەکەتی ئەو دیوو شوشە دلسافەکانی ئەشقی عارفێکەوە دەبینرێ ؟

کێ بوو ئەوانەی پێیگووتیت ئەی فریشتە ئەی خومار بەکێشانی حەشیشەی بێزاری؟؟..

فریشتەیەک دوای کەوتنە خوارەوەی گووتی مالئاوا ئینجانەکانی ئەبەدیەت، مالئاوا موجاهیدە بێدارەکان ن بەبێداری کێلگە ڕاکشاوەکانی حەشیش ..

-٩-

کێلگەکان لەنێو بێزاریمدا درێژ دەبنەوە، دەچنە نێو هەناوی ئەو گولە نێرگزانەی بەرەبەیانێک لەخەونێک ڕایانچڵەکاندم ، خەونێک بەهیچەوە،خەونێک بوو بەڕەنگێک لەهەمو ڕەنگێک دەچوو، لەهەموو پەنچەرەیەکی کراوەی سەرباخچە و شەقامەکانی مندالی و گولە مۆرەکانی چێژی هەرزەکاری و ڕەنگە گەرمەکانی هەلچونی ساتەکانی پێگەیشتن و ڕەونەقەیەکانی کاملبوون و داتەپینەکانی جەستەی پەنچاسالی و چرچبوونەکانی شەست سالی و زەردی مردنە چاوەڕوانکراوەکان دەچوو. لەمانە هەمووی دەچوو، بەلام پێش ئەوەی بەنێو ئەم نێرگزانەی تەمەندا تێپەڕم هەمووان لەهەموو شتێک دەچوون و لەهیچیش نەدەچوون..

خەونم بینی ئەی مندال بەهیچبوونێکی ئەبەدی ..

خەونم بینی ئەی مندال بەڕەنگی بێزاریەکانم ... خەونم بینی بەنێو ڕەنگ و بێڕەنگی هیچدا تێپەڕ دەبم .

ڕاچلەکیم ئەی مندال لەخەونەکانی هیچبوونێک لەو دیوو ڕۆناکیەوە تاوەکو ئەو سەری ساراکانی ڕەشێتی خۆیان درێژ دەکردەوە..

ڕاچلەکیم لەو هەمووو دلداریەی بەتۆبزی بەنێو ژوورەکەمدا دەهاتن ودەچوون،

بەتۆبزی گولە نێرگزیان لەگەل خۆدا هێنابوو،

بەناسکی وێنەی دلدارێکی ڕۆمانسیان لەنێو ئاوێنەی دۆلابە ڕۆژئاواییەکانمدا نەخشاند ، کە لەهەموو شتێکی دەکرد تەنها دلدار نەبێت ،

لەهەموو دلدارێکی دەکرد تەنها خۆم نەبێت،

لەهەموو منێکی دەکرد تەنها ئاشق نەبێت،

لەهەموو ئاشقێکی دەکرد تەنها من نەبێت،

لەهەموو خەونێکی جوانی گولەکانی ڕۆژهەلاتی دەکرد تەنها گولەکانی من نەبێت،

لە گەرمایی خۆرە پڕئەفیونەکانی ئەو کیژانەی دەکرد لەنێو گەمەیی ئەشقی هەموو شاعیرێکدا دەسووتێن ،

هەموو شاعیرێک.. تەنها من نەبێت،

لەهەموو خەونێکی دەکرد چەندەها سەدەی بێڕەنگ لەم مەنفایەی ڕۆحدا دەیبینم،

لەهەموو خەونێکی تاراوگە دەچێت تەنها خەونی من نەبێت ..

ئەی مندال بۆ گولە نێرگزەکان دێنە خەونم ، کەمن ڕۆژانە خەونەکانم لەنێو ڕۆتینی ڕۆژائـــــــــاوادا دەخنکێنـــــــــم،

ڕۆژانە بەهەموو پیرێژنەکان دەلێم: بەیانیتان باش ئەی ئەو پیرێژنانەی فراوێن لەقاوەخانەکانی شاردا دەکەن و بەقێزەوە لەڕەنگی ڕەش وئەسمەر دەڕوانن و منیش پێیان دەلێم هەقیقەت لای ئێوەیە.. بەیانتان باش پیرێژنەکانی ئەقلانیەت ..

ئەی منداڵ بۆ گوڵە نێرگزەکان دێنە خەونم کەمن بەهەموو پۆ لیسێک بڵێم: گوێ مەدەرە قسەی شاعرێکی وەک مایاکۆفسکی کەشیعری تسی ناو پانتۆڵ دەنووسێت،گوێ مەدێ ، مۆدێرنە لەبن پێیەکانی تۆوە خۆی دەپارێزێ ،

پێیدەڵێم گەر تۆ نەبی هەموو تیۆرەکانی ڕۆژئاوا دەبن جڕتێکی نێو قەڕەباڵغیەکی لەپڕ..

گەر تۆ نەبی هەموو بیریارە گەورەکان ناتوانن ئەو ڕاستیانە بۆ ڕۆژهەڵات بنێرن ، ناتوانن پێش خواردنەوەی جەمە نانێکی دبلۆماسی، شەرابی فەرەنسی هەڵبدەن و بەپۆستی خێرا کێشەکانی پۆست مۆدێرن بۆ گیاکەڵە فیودالەکانی ڕۆژهەڵات ڕەوانەبکەن ،بۆ ئەوەی لەوێ دوور زۆر دوور، لەنێو گەورەکانی سیاسەتی نیشتمانە خۆڵەمێشیەکان شەڕێک بکەن هی هەموو ڕۆژهەڵاتیەکەو هی ئەوان نییە..

ئەی منداڵ بۆ گوڵە نێرگزەکان ئەم هەموو دلداریەم پێدەناسێنن کەمن ڕۆژانە بەو هەمووو جوانیەی نێو پاکەتەپلاستیکیەکان بڵێم: ئێوە جەوهەری جوانیەکن لە خواردنی ڤیتامینی ڕەچەتەکانەوە ، لەمەمکی پلاستیکی ژێر بنەکۆی مەمکە گۆشتیەکانتانەوە خۆتان بە هەموو ماناکانی ئیستاتیکا ڕاستەقینەیی کردووە..

منێک کەڕۆژانە ئەو جوانیە بەجوانی ئەقل تێبگەم و بڵێم دلداری گەڕیەکی ڕۆژهەڵاتیانەیە و بەخێربێت جوانیەکانی دوای مۆدێرنە.

منێک بەو هەمووو دلداریە بڵێم ، ژوورەکەم تەنها جێگەی خۆم و کاتژمێک دەبێتەوە ، بەیانیان بۆ ڕۆتینی کار وەئاگام دەهێنێ . بڵێم ئەم هەموو جوانیە کاتێک هەبوون، فریشتیەک لەنێومدا بەسەرمەدی ئەشقێکی ڕۆناکیەوە بەنێو شارەکانی غەزەلدا تێپەڕبوو ، بەنێو موشەحاتی ئەندولسی و دیوانی شاعرانی عەرەبدا دڵی پڕ دەکرد لەغەزەل ،

کاتێک هەبوو من بەدیار مۆسیقاوە دەگریام و بەیانیانیش وەک تولە نەمامێک لەسەر ڕێگای شەرمنیم چاوەڕێی کیژێک بووم نەدەهات،

کیژێک ئەشقم بوو ، ئەشقی کیژێک بووم ، تەنها لەخەونمدا هەبوو ، تەنها لەخەونیدا هەبووم ، نەمن دەهاتم ونەئەویش ، کەچی ئەشقێک هەبوو لەو نێوەندەدا ،

ئەشقێک پڕی بوو لەنێرگزەجاڕی چاوەڕوانی ئاهەتاکانی غەزەل ..

ئەی منداڵ بۆ ئەو نێرگزانە هاتن ومنیان لەخەونەکانی ڕۆتین وەئاگاهێنا.

هاتن و فریشتیەکی خوماریان لەنێو کێڵگەی حەشیش بێدارکرد، بۆ هیچ نا، بۆ ئەوەی نەخۆشم کات بە پەتاکانی ئەشق ، بە سووتانەکانی ئەو ئافرەتانەی لەسەر جێگەی ساردیان چاوەڕێم بوون ، بۆ هیچ نا، بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ لایان، بۆ هیچ نا بۆ ئەوەی خوماربم بەگەڕانەوەم بۆ ساتە بەچێژەکانی ئەشق ...

ساتەکانی ئەشقم بیرکەوتەوە ئەی مندال ،لەشەوێکی خومـاری گـەلاوێژ ، لـەنێو ژورەکـانی مـانگی چوارده بەڕووتی گوناهە پڕ چێژەکان ڕاکەڕاکەمان بـوو، گولـە نێرگزمـان لەسـەر جەسـتەی ڕووتی یـەکتر دادەنـا و چـاوەڕێ بووین بـۆ چـەند چرکەسـاتێک حەسـرەتە گەرمـەکانمان بگەشێتەوە، ئەو گـووتی: گیـا لەسـەر پشـتت ڕواوە ئـەی ئـاگری هـەموو ئەشقێکی وەرزێکی تێپەڕیووی ئەم زەمەنە مێینەیەم،

من گـووتم: کێلگـەکانی گـول لـەنێوان مەمکـەکانت دەشـنێنەوە، بێسـنوور لـەنێو بەیبوون وخونچەو لالـەزار وشەونمی لەپڕی ئەم هـەموو بێسنووریەی گوناهی جوانیدا خۆیان بەبۆنی ئاهاتی گەرم بۆندار دەکەن.

بـۆنی یـەکترمان کـرد ئـەی منـدال .. بـۆنی جیـهانمان کـرد لـەنێو جەسـتەماندا بەڕاستەقینەیی خـۆی پەخشـدەکردەوە، بۆنی زەوی تـەڕمان، بۆنی خـۆل ، بـۆنی خوێنی گـەرم ، بـۆنی هەناسـەی ڕاکـردوو لـە قـەوزەکانی موحیبـەت ، بۆنی مندالیمـان کـرد بـەنێو ئازاردا جۆلانە دەکـات، بۆنی خۆرمـان کرد لـەنێو ژوورەکـانی چـەپاندا سـەمادەکا، بۆنی ئەستێرەیەکمان کرد تـازە بـەتازە فۆتـۆی ئـافرەتێکی کـالی عەسـرانی پێیـە و لـەنێو ئاگری حەسرەتی ئێمـەدا بـەدوویدا دەگـەڕێ ، بۆنی خـەونی دۆڕاوێکمـان کـرد بەنێو ژوورەکـانی سـەرکەوتنێک لەکاغەز ، لەپەڕۆی سۆزانیەکی پـیرەکدا بـەدوویدا دەگەڕا، بۆنی سـێوێکمان کـرد لـەهیلاکیدا بەهـەموو سـروەبایەکی دەگـووت ڕۆژباش ،بـۆنی سـیرمان کـرد بـەنێو ئارەقـەی ئەسپەپیاوینەیەکی شـەکەت بەدەسـت گـەڕانی بێهودەی بەدوای ئاسودەگی شوێـندا ئارەقـەی لێدەچۆڕا ، بۆنی کێلگـەکانی یـەکترمان کـرد و ئـەو گـووتی: بۆنی جـەنگێکی دێرینی نێو بـارانی ووشـەت لێدێت، پێمگـووت: بۆنی گولـەکانت بـۆنی مێینەیـەکن لـەنێو پەنچـەرەکانی ڕەشـەبادا گـەورەبووبێتن ، بۆنی خـەونێکی تـەڕبوون لەئێوارەیەکی پایزی شاردا لەگـەل ڕیشۆلـەیەکی هیلاکـدا گەڕابیتنەوە، بۆنی باخچەکانی مانگت لێدێت لـەنێو ئەم ژوورانـەدا تـەنها بۆئـەم ساتانە بژی و بەرەبـەیان لەگـەل هەلـهاتنی خـۆری گـەلاوێژ مالئاوایی لەهـەموو لەمیـهرەبانی بکات. بـۆنی حەشیشت لێدێت لـەنێو نیرگزەجاڕی نێوان مەمـکە بەفرینـەکانت خۆیـان نەمر دەکەن، بۆنی خۆر ، خۆری هەلاتووی نێوەڕاستی مانگی بەفرانبارت لێدێت ...

بۆنی سەر جێگا و چەرچەفەکانی هەوەسێکی لـەپڕی نـەمامێکت لێدێت نێوەڕۆیـەک پێش وونبـوونی لـەنێو ووشـەدا بـەگلی تـەڕی مـانگی ڕەشـەمێ بلێ ئەم هەمووپلنگانـەی حـەز لەبـەفری ئـەم وەرزەدا سـرەوەت نـاکرێن ، بلێـت پێـش ئـەوەی لەسـەر جێگـای ئـەو ئافرەتانـە سـەوز بم خۆشـیان وویسـتووم و لەپێچـەکانی بـەفردا لـەبیرمکردوون ، بەهـەموو دلـۆپە ئاوێکی ڕۆژچووی نێوگلـی مێینـە دەلـێم سـەرفرازبن لـەنێو ئاهـاتی لـەگڕدا، سـەرمەد بن لـەنێو ئاوازی ئـەم هـەموو خەزانـەی بەبۆیـەی ئـاوی فریشـتیەک ، لەگوناهەی سپی نەخشێنران.

جێگای ئـەو ئافرەتانـەی لـەگل بـوون یـان لـەخۆلی نیوەڕۆیـەکی خواوەندێـک بـەقاتێکی سـپیەوە ، بـەگولێکی هیلاکـی نیوەڕۆیـەکی مـانگی خەزەلـوەرەوە لەبـەردەم ژووری سـۆزانیەک لـەخۆر ڕاوەسـتاوەو دەسـتی لەسـەر دلـی دانـاوە ، خۆلـی نێـوەڕوانی ئـەو

ئەشقەی لێهەلدەوەرێ .ئەو ئافرەتانەی بەنێو ژوورەکانی مانگی هەلاتووی شەوانی ڕۆمانسیەتی لەبیرکراوی سوارچاکەکانی ئەشقێکی کۆنینەی دۆزراوە لەبازاڕی لەنگە هاتووچۆیان دەکرد و وێنەی هەموو ئاشقێکیان پێبوو ، تەنهامن نەبێت..
ئەی مندال هەموو بوونەوەرەکانی ڕۆشنایی ناویان لە بێدەنگیەکانی ئەشقدا تۆمارکرا ، تەنها من نەبێت، منێک لەنێو بەردەوامی فریشتیەکی خوماری نێو ڕۆحما نەئافرەتێک خۆشی وویستم ، نە خواوەندێکش بستەجێیەکی لەنەمری پێبەخشیم، لەنێو ژوورە تەنهاکانی مانگیشدا تەنها خۆم حەشیشەم دەکێشا،
تەنها خۆم قەسیدەم دەنووسی ،
تەنها خۆم بەنێو ئاوێنە ڕەشەکانی ئەشقدا دەهاتم و دەچووم،
تەنها خۆم ئاوازەکانمادەناو خۆشم چەلۆیەکم لەدەنگی ئاو لێدەدا، خۆشم کەمانچەیەکم لەگەلای ئادەم قەرزدەکرد، خۆشم گوێم لەخۆم دەگرت و خۆشم باسی چیرۆکی ئەو ئەسپانەم بۆخۆم دەکرد شەوانە بەنێو دەشتە بێسنوورە سپیەکانی خەونمدا نەرمەغاریان دەکرد، خۆشم چیرۆکی وولاتی کەروێشکە مۆرەکانم بۆخۆم دەگێڕایەو خۆشم لەژێر نەزمی ئەو چیرۆکەدا خەوم لێدەکەوت و خۆشم بەخۆمم دەگووت/
شەوباش ئەی خوداوەندی ئاشق ،
شەوباش ئەی فریشتەی خومار،
شەوباش و بەهیوای ئەوەی مندالێک لەخەوندا بەبەردەمتا تێپەڕێت...

نورنبێرگ شەوی ١٥/١٤ ی مای ٢٠٠١

------------ تـــــــــــــەواو ----------

ئەم قەسیدەیە لە ٢١-نۆفمبەر ٢٠٠١ لە گۆڤاری -ئایندە- بلاوبۆتەوە